# بارودۆخی نووسەران و چاپەمەنییەکانی کوردستان لە تورکیا و سوریا

وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: مەولوود خانچەزەرد- بۆکان

***

*ئەم لێکۆڵینەوەیە لە لایەن نووسەرێکی کورد، بە ناوی « م. ماڵمیسانیج – M. Malmisanij » کە هەر ئێستا دانیشتوی وڵاتی سوئێدە ، ئاراستە کراوە. ئەو بەشە لەو لێکۆڵینەوەیە؛ کۆمەڵێک زانیارییە سەبارەت بەو نووسراوە و ووتار و کتێبانەی کە بە زمانی کوردی لە تورکیا و سوریا و عێراق لە چاپ دراون و بڵاو کراونەتەوە. ئەم لێکۆڵینەوانە سەبارەت بەو مەسەلەیە لە تورکیا و سوریا لە ساڵی 2006 ی زایینی دا کۆتایی پێ هاتووە و تەواو بووە، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوە کوردیيانە لە سەر عێراق هێشتا کۆتایی پێ نەهاتووە و لە دەستی چاپ دایە. ئەم پەڕتووکە، یەکێک لە هەوەڵین ئەرک و لێکۆڵینەوە مەیدانییانەیە کە تیشک دەخاتە سەر پانتایی و بارودۆخی مێژویی و هەروەها ژینگە و شوێنەواری سیاسی ئێستا. جیا لە کەسایەتییە دیاریکراوەکان و ئەو کتێبانەی کە بە زمانی کوردی لە تورکیا و سوریا نووسراون، زانیارییەکی بە نرخیشە سەبارەت بە ئاماژە بە هێندێک لە ئەو بنکە و ناوەندە بڵاڤۆکانە. لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە کورد ( بە زاراوە جۆراوجۆر و بەکارهێنانی ئەلف و بێی نووسینی زمانی کوردی جیاوازییانەوە « عەرەبی ، لاتین و سیریلیک– Cyrillic » )، ئێستا تێیان دا دەژی، لە بەکارهێنانی زمانەکەیان بەرگری کراوە. زاراوەی کرمانجی ( Kurmanci ) و کرمانجکی ( Kırmancki ) یەکێک لەو زاراوانەن کە لە تورکیا دا کوردان قسەی پێ دەکەن کە لە ساڵی 1928 ەوە بۆ نوسینی ئەم زاراوانە پیتی لاتین بەکاردەهێنن.*

**لە ماوەی سەردەمی عوسمانییەکان دا بڵاڤۆکە کوردییەکان بە هۆکار گەلێکی ڕامیاری و سیاسی بەرگریان لێ دەکرا. بە دامەزراندنی سیستەمی نوێی دەوڵەت – نەتەوەی تورک ( 1923 ) و هەروەها نەخشە و پلانی ڕێفۆرم و چاکەسازی ڕۆژئاوا لە ساڵی 1925، زەخت و گوشار و بەرگری کردن دژی دەرچوونی بڵاوڤۆکە کوردییەکان بە شێوەی جیددی و ڕاستەوخۆ لە تورکیا دا هاتنە ئاراوە و جگە لە زمانی تورکی، هیچ زمانێکی تر بە فەرمی نەناسرا؛ تا ئەو جێیە کە بە شێوەی گشتی لە ئەنیستیتۆ فەرمییەکان، بەکارهێنانی زمانێکی غەیری تورکی قەدەغە کراو و بە جورم و خەیانەت بە وڵات ناسرا. ئەگەر چی دەوڵەتی نوێی تورکیا سیاسەتی توانەوەی نەتەوایەتی دژ بە نەتەوەی کوردی گرتە پێش، بەڵام بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی لە ساڵانی 1960 و 1970 ی زایینی دا گەشە دەسێنێت و لەو کاتە دا تاقمێک لە ڕووناکبیرانی کورد هەوڵی بڵاوکردنەوە و لە چاپ دانی کتێب و گۆڤارە کوردییەکانیان دا. لەو کاتەوە کە تەنانەت هەبوونی کتێبێکی کوردی وەکوو جورمێک ناسراوە، بنکە و ناوەندە چاپەمەنییەکانی تورکیا بێزارن لەوەی کە بەرهەمێک بە زمانی کوردی چاپ و بڵاو کەنەوە. لە نێوانی ساڵانی 1971تا 1980 حکومەتی نیزامی تورکیا بەرگری کرد لە بڵاوکردنەوەی چاپەمەنییەکانی کوردی. لە ماوەی ئەم سەردەمەدا، تەنانەت زیندانیان و بەندکراوەکانیش مافی ئەوەیان نەبوو کە ئاخاوتن و پێوەندییەکانییان بە زمانی کوردی بێت. ئەم بارودۆخە لە لایەن پەرلەمانی تورکیاوە لە ساڵی 1991 دا بە هەڵوەشانەوەی قەدەغەکرانی کتێب و بڵاڤۆکە کوردییەکان ، بە تایبەت بە هێنانە ئارای تەرح و نەخشەی هاوئاهەنگی یەکێتی ئورووپا ( بۆ چوونە ناو ڕیزی تورکیا بۆ یەکێتی ئورووپا ) لە ساڵی 2002 دا گۆڕانی بە سەر داهات. هەر چەند لە نێوان ساڵانی 1990 و 1999 دا؛ 212 کتێبی کوردی بڵاو کرانەوە، بەڵام هێشتا خوێندن بە زمانی زگماکی لە**

تورکیا دا قەدەغەیە. لە حاڵی حازر دا گۆڤار و وەرزنامەکان لە لایەن ئۆرگان و ڕێخراوە سیاسییەکان بڵاو دەکرێنەوە.

ئاخاوتنی کوردەکان لە وڵاتی سوریا بە زمانی کورمانجییە. هەر چەند شێوەی نووسین لە سوریا بە شێوەی فەرمی بە ئەلف و بێی عەرەبییە، بەڵام نووسەرانی کورد بۆ نووسینی کوردی، شێوە نووسینەکەیان بە ئەلف و بێی لاتینییە. هەوەڵین کتێبی کوردی لە سوریا لە ساڵی 1925 دا بە زاراوەی کوردی باشوور ( موکری – **Mukri** ) بڵاو کرایەوە. کتێبە کوردییەکان لە ساڵی 1930 دا بە زاراوەی کورمانجی هاتنە ئاراوە. هەوەڵین گۆڤاری کوردی لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتی فەڕانسە دا ( لە سوریا ) بڵاو کراوە ( 1946– 1920 )، کە لەو سەردەمەدا بەرگرییەک سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی چاپەمەنییەکان بە زمانی کوردی نەبوو. لە ساڵی 1959 دا کە سوریا بە سەربەخۆیی گەیشت، لەو کاتەوە سیاسەتی تەبعیز و جیاوازی نێوان کورد و عەرەب لە لایەن دەوڵەتی نوێی سوریاوە هاتە ئەنجام، تا ئەو جێیە کە بە کارهێنانی زمانی کوردی بە شێوەگەلێکی جۆراوجۆر بەرگری لێکرا. کە یەکێک لەوانە، هەڕەشە ی بەرگری کردن و قەدەغە کردنی چاپ و بڵاوکردنەوەکانی کوردی بوو. سوریای ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس ( 1990–1963) پلانی داڕشتنی « کەمەربەندی عەرەبی– **Arab-belt** » هێنا ئاراوە. سوریا بەو کارانە، دەیهەوێ بە توند کردنی گوشار و زەبر و زەنگ و بەرگری کردن لە خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی، کوردان ڕاو بنێت و مەجبووریان کات کە خاک و نیشتمانی خۆیان بەجێ بهێڵن. لەو کاتە دا بە هۆی ئەم بارودۆخە نائاساییەی کەگۆڤارەکوردییەکان بەرەوڕووی ببوون، تەنیا بڵاوکردنەوەیان مەترسیدار نەبوو؛ بەڵکوو زۆر گرانیش تەواو دەبوون ( خەرجی زۆری هەڵدەگرت ) . ئەم ڕەوتە کەمێک باش بۆوە تەنیا ئەو کاتە ی کە گرووپە جۆراوجۆرەکانی کورد هاتنە سەر ئەوە کە چالاکی بڵاوکردنەوەی بڵاڤۆکەکان بۆ لوبنان بگوێزنەوە و دوایش بە نهێنی و قاچاخی بەرهەمە چاپ کراوەکان بگەڕێننەوە بۆ ناوخۆی ووڵات. لە ساڵی 1990 دا هیچ گۆڕانکارییەکی یاسایی و مەشروع نەبوو کە لەو وەختە دا بە باشی و هێمنایەتی و بە لێبوردویی هەڵس و کەوت دەگەڵ کوردەکان بکرێت. لە ڕاستی دا هەر دووک بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی باشوور و باکووری کوردستان و هەر وەها پەرەسەندنی ژمارەیەک لە چاپی وەرزنامەکوردییەکان لە ئوڕووپا و لەو ناوچەیانەدا، شوێنەوارێکی پۆزێتیڤی هەبوو بۆ بڵاوکردنەوەی گۆڤار و کتێبەکان لە سوریا و لوبنان، کە لەوانە سێ کتێبیان لە ساڵی 1970 دا بڵاو بۆوە و لە ساڵی 1990 دا ڕادەی دەرچوونی ئەم کتێبانە بە 111 کتێب گەیشت. دوای ناکۆکییەکانی نێوان عەرەبەکان و کوردەکان لە ساڵی 2004 ، ئەم بارودۆخە دیسان خراپتر بۆوە تا ئەو جێیە کە سیاسەتی کۆنترۆڵ و گوشار بۆ سەر خاوەنی بنکە و ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکراوەکان زیاتر کرا. چاپ و بڵاو کردنی کتێبەکان کە بە پێی حوکمێکی یاسایی لە ساڵی 2001 دا هاتە ئەنجام، کۆنترۆڵ دەکرێن و لە ژێر چاوەدێری دان. ئەم حوکمە مودیر و خاوەن بنکە و ناوەندە چاپەمەنییەکان مەجبوور دەکات کە هەر شتێکی کە لەو سەردەمە دا چاپ دەکرێت، نووسەر و ناوەڕۆکی ئەم چاپ کراوانە دەبێ بە ڕوونی گوزارش بکرێت. بڵاو کردنەوە و دەرچوونی هەر چەشنە چاپەمەنییەک تەنیا کاتێک دەتوانێ بێتەدی کە لەوە پێش، بە پێی داواکارییەک لە وەزارەتی ئیتلاعات و ڕاگەیاندن لە گەڵ سەرچاوە و نووسخە خەتییەکانیان هەماهەنگی کرابێت. بۆ کۆنترۆڵی زیاتر بۆ ئەم مەبەستە، وەزارەت، هەروەها پێویستی بە کۆپییەکی ئەم کتێبانەیە کە بۆ یەکەم جار بڵاو کراونەتەوە. وەزارەتی ئیتلاعات و ڕاگەیاندن بە فەرمی بەڵێنی بە تاقمێک لە نووسەرانی کوردی دابوو کە کتێب و نووسراوە فۆلکلۆرەکانیان بە دوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاو بکەنەوە ( کوردییەکەی دەبێ بە زمانی عەرەبی وەرگێڕدرابێتەوە ). نزیکەی دە کتێب هەن کە بە شێوەی یاسایی لە سوریا بڵاوکراونەتەوە و بە فەرمی لە کتێب فرۆشییەکان دەفرۆشرێن.

لە تورکیا تا ساڵی 2006 ی زایینی، 254 نووسەر هاتوونە تە مەیدانی خەباتی نووسینەوە کە بە زاراوەکانی کورمانجی **Kurmanci (195)** و کرمانجکی « زازاکی » ( **Kırmancki (Zazaki -39** کتێبەکانیان نووسیوە کە

لەوانە 195 کتێب بە زاراوەی کورمانجی و 39 کتێبیش بە زاراوەی کرمانجکی ( زازاکی ) نووسراون. لە ناو ئەو 254 نووسەرەدا؛ تەنیا 6 کەسیان ئافرەتن، 56 کەسی تر لەو نووسەرانە هەر ئێستا لە ئورووپا دەژین و ژمارەیەکی هەرە گرینگیان، نووسەرانی ناخۆیین کە لە شارەکانی ماردین و دیاربەکر ڕا هاتوون.لە تورکیادا نووسەرانی بەرهەمەبڵاوکراوەکانیش لە سوریا ( 10 کەس ) و ئەمریکا ( 8 ) و عێراق ( 1 ) و ئێرانن ( 1 ). نزیکەی ئەم 67 وەرگێڕەی کە هەن لە زمانی تورکییەوە وەردەگێڕنەوە، ئەوانەی تر لە زمانەکانی ئینگلیسی و عەرەبی و فارسییەوە وەردەگێڕنەوە. هێندێک لەوانە هاتوون ئەو کتێبانە کە کۆن و قەدیمی و دەستنووسن و بە ئەلف و بێی عەرەبی و سیریلیک نووسراون هێناویانەتە سەر ئەلف و بێی لاتین.

نووسەرانی کوردی سوریا زۆربەیان ڕووحانی بوون، بەڵام لە دەیەی 90 دا هێندێک لەنووسەرانی ناوخۆیی ( کە هەشت کەس لەوانە نووسەری ئافرەتن ) سەریان هەڵدا. سەرجەمی ئەم نووسەرانە لە ساڵی 1925 ەوە کە لە سوریا و لوبنان خەریکی چاپ و بڵاوکردنی کتێبەکان بوون، 123 کەسن کە لەوانە 95 نووسەریان هی ڕۆژئاوای کوردستانن کە تەنیا 47 کەسیان ئێستا دانیشتووی سوریان، تەنیا 5 کەس لەو 28 کەسەی پاشماوەی تری ئەم 123 کەسە ( کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کرد ) نووسەری کورد نین.نووسەرانی کورد لە سوریا خاوەنی ڕێخراوەیەکی تایبەت بە خۆیان نین؛ بەڵام هێندێک لەوانە ئەندامی ڕێخراوی PEN ی کوردی لە ئاڵمانن. ڕاست کردنەوەی هەڵەکان و ڕازاندنەوە و تەڕراحی و پیتچنینی لاپەڕەکان بە شێوەی ئاسایی لە لایەن کەسانێکی ناشییەوە بەڕێوەدەچن ( نووسەران و دۆست و هاواڵەکانیان ). لەو ڕووەوە چۆنییەتی ئەم بڵاڤۆکانە زۆر باش و بەکەڵک نین.

هەتا ساڵی2006 ، 654 کتێب بە زاراوەکانی کورمانجی ( 580 ) و کرمانجکی ( زازاکی – 74 ) بڵاو بوونەتەوە کە 579 دانە لەوانە لە نێوانساڵانی 1990 و 2006 دا سەریان هەڵداوە. لە ئەنجام دا 103 کتێب بۆ هەوەڵین جار لە دەرەوە چاپ و بڵاو بوونەتەوە کە زیاتریان لە سوێد چاپ و بڵاو کراونەتەوە.نزیکەی 30 دانە لە کتێبە کوردییەکان، دەگەڕێنەوە سەردەمی عوسمانییەکان کە زیاتریان دەستنووس بوون بە ئەلف و بێی عەرەبی. هەروەها هێندێکیش وەرگێڕدراوی دەقی تەوڕات هەیە. هەوەڵین کتێب، ئەشعارێک بوو بە زمانی کوردی کە لە ساڵی 1844 دا لە ئیستانبوول لە چاپ درا. لە نێوان هەردووک بەرهەمەکان و وەرگێڕدراوەکانی پێشتر کۆمەڵێک کتێب سەرکەوتوانە لەو چەشنانە سەریان هەڵداوە کە 174 کتێبیان شێعرن، 69 دانەیان ڕۆمانن و هەروەها 65 دانەشیان کورتە چیرۆکن. لە ناو ئەم چاپ کراوانەدا هێندێک کتێب سەبارەت بە فۆلکلۆر، فەرهەنگۆک، مەزهەبی و منداڵان و هتد هاتونەتە دی. پشتیوانی پێویست لە لایەن ئینستیتۆ و ڕێخراوەکانی بیانییەوە وەکوو ئاژانسی هاوکاری گەشەپێدانی نێونەتەوەیی سوێد ( SIDA ) کراوە. بنکە و ناوەندەکانی بڵاو کردنەوەی کوردی لە تورکیا هەوەڵ جار لە لایەن ئۆڕگان و ڕێخراوەکانی سیاسییەوە دامەزرا. هەر ئێستا ئەوان بە چاکی ئامادە نین و بۆیان نەڕەخساوە و تەنیا تاقمێک کاربەدەستیان هەیە. بە 8 لەسەدیماڵیاتی بە نرخی زیاتر « 8% of VAT » و 40 لە سەدی « 40% » دابەشکردن بە داشکاندنی نرخ ( تەخفیف ) و 10 لە سەدی « 10%» بۆ وەرگێڕ و باج گرتن لە سەر سود و قازانج، شتێکی زۆر سەیر نییە کە زۆربەی بڵاو کەرەوەکان دوای کەمێک بڵاوکردنەوە وازی لێ بێنن و وێڵی کەن. لە ساڵی 2000 زیاتر لە 40 بنکە و ناوەندی کوردی لە تورکیا پێکهاتوون و دامەزراون، بەڵام نزیکەی 50 لە سەدی « 50% » ئەو بڵاو کراوانە ( 305 کتێب ) لە 8 بڵاوکەرەوەوە دەرچوون. دیاربەکر و ئیستانبوول بنکە و ناوەندی بڵاوکراوەکرانی کوردی و دەرچوونی وەرزنامە کوردییەکان بووە.چاپی کتێبەکوردییەکان بە شێوەی ئاسایی لە ئیستانبوول لەوەی کە دابەش بکرێت و بگاتە دەست خوێنەرانی کورد، زۆر سخت و گران بۆ خوێنەران تەواو دەبێت. چاپی زۆربەی کتێبەکان لە 100 دانە تێپەڕ نابێت. بۆ چاپی 100 نووسخە بۆ هەر کتێبێکی 100 لاپەڕەیی، بەینی 500 تا 714 دۆلاری ئەمریکا ( USD ) خەرج هەڵدەگرێت. دابەش کردنی کتێب بە شێوەی ئاسایی

لە نێو کتێب فرۆشەکان لە ڕێگەی کۆمپانییەکان یان فرۆشیارەگەڕۆکەکان ئەنجام دەدرێ. هەڵبەت دوای ساڵی 2003 ش لە ڕێگەی پۆستەوە جێبەجێ دەکرێ. کتێب فرۆشییەکان بۆ فرۆشی کتێبە کوردییەکان لە تورکیا دەبێ لە شارە ئەسلییەکان و ئەو شار و شارۆچکانەی کە جەماوەری خەڵکی کوردی تێدایە دابمەزرێن. کاناڵەکانی تری دابەشکردن، لە ڕێگەی کردنەوە و دانانی کتێب لە فەستیواڵە کان ( کە لە شارە گەورەکان بەڕێوە دەچێت ) و هەروەها لە ڕێگەی بەشداری کردن لە پێشانگاکانی کتێبە. هێندێک لە بڵاوکەرەوەکانی پێوەندیدار بە ڕێخراوە سیاسییەکان لە پشتیوانییەک کە لەو پێوەندییەدا بە وان دەکرێت بە ئیمتیازێک بۆ ئەوان دێتە ئەژمار. دۆزینەوەی ڕیگاچارەکانی وەکوو شەوە شێعر و وێژە ئەدەبییەکانیش دەتوانێ ڕۆڵی کاریگەر و گرینگی بۆ بڵاو کردنەوە و دابەش کردنی کتێبەکان هەبێت. بڵاڤۆکە کوردییەکان لە تورکیا هەر ساڵەی مابەینی 100 تا 1000 کتێبیان لێ دەفرۆشرێ. داشکاندنی نرخی فرۆش ( تەخفیف ) لە مابەینی 30 لە سەد « 30% » ( لە لای دابەشکەر ) تا 60 لە سەد « % 60 » ( لە لای ئەو کەسەی بڵاوی دەکاتەوە لە بەرامبەر دانی پارەی حازر ) دایە. هیچ نووسەرێکی کورد لە باکووری کوردستان ( تورکیا ) نییە کە لە ڕێگەی نووسینەوە پارە وەدەست بێنێت و ژیان پێک بێنێت. بە کەمێک جیاوازییەوە، هیچ نووسەرێک تا ئێستا مافی نووسین و لێکۆڵینەوەی نەبووە بە واتای تر بۆ هەوڵ و زەحمەتی نووسینەکانی پوڵ و پارەیەکی پێ نادرێ. زۆرترین فرۆشی کتێبەکان، کتێبە دەستووری یان ڕێزمان و فەرهەنگۆکەکانن.لە چاو کتێبە تورکییەکان نرخی کتێبە کوردییەکان نزمترن ( 13% ) ڕێژەی کوردە خوێندەوارەکانیش زۆر نزمتر و لە خوارترن لە چاو ژمێرەی تێکڕای تورکەکان. ژمارەی خەڵکی نەخوێندەواری نیشتەجێی ئەو پارێزگایانەی کە جەماوەری کوردی تێدا دەژین لە چاو ژمێرەی تێکڕایی تورکان لە سەرترن. نزیکەی 13 لە سەدی (13%) خەڵک، خوێندنی زمانی تورکییان هەیە و ئەو جەماوەرەی کە هەشت ساڵ خوێندنی سەرەتاییان تەواو کردووە 35 لە سەدی « % 35 » جەماوەر پێک دێنن. زۆر کەم لە کوردەکانی تورکیا دەتوانن بە زمانی کوردی بنووسن و بخوێننەوە، زۆربەیان بۆ خۆیان فێری بوون.

سەرجەم کتێبەکوردییەکان لە سوریا و لوبنان 220 کتێبە کە لە نێوان ساڵانی 1920 و 2006 دا سەریان هەڵداوە. تەنیا 51 دانە لەو کتێبانە لە نێوان ساڵانی 1925 و 1989 دا بڵاو کراوەتەوە کە پاشماوەی لە نێوان ساڵانی 1990 و 2006 دا چاپ کراون کە زۆربەی هەرە سەرووی ئەو کتێبانە؛ بریتین لە 112 کتێبی شێعر، 20 دانە کورتە چیرۆک، 14 دانە فۆلکلۆر، 13 دانە کتێبی منداڵان و 11 دانە پەڕتووکی سەرەتایی ئەلف و بێ. هەروەها کۆمەڵێک کتێبی دیکە هاتوونە دەرێ لە بابەت : ژياننامە، ڕۆمان، بیۆگڕافی، مێژوویی، ئایینی و مەزهەبی ، فەرهەنگۆک، ڕێزمان و فێرکاری سەرەکییەکان. زۆربەی چاپ کراوەکانی کوردی لە سوریا بە هۆی قەدەغە بوونیان بە شێوەی نا یاسایی و قاچاخ بڵاو کراونەتەوە. کتێبە کوردییەکان نە نێوی ئەو کەسەی بڵاوی دەکاتەوە و نە نێوی ئەو بنکە و ناوەندانەی کە لەوێ دا چاپ و بڵاو دەبنەوە بە سەرەوەیە. زۆرتری ئەو کتێبانە لە « بەیرووت » بڵاو دەبێتەوە. بنکە و ناوەندە چاپەمەنییەکان دەبێ لە دەمێشق و ئالێپپوو دابمەزرێ. چاپی ئۆفسێت بۆ هەر کتێبێکی 200 لاپەڕەیی بە چاپ کردنی 200دانە، مابەینی 308 و 385 دۆلاری ئەمریکا خەرج هەڵدەگرێت. لە چاپ دان بە شێوەی ئاسایی لە 40 تا 2000 دانە جیاوازی هەیە. فرۆش و بڵاو کردنەوەی کتێبەکان لە سوریا پێویستی بە ئیزن دانی وەزارەتی ئیتلاعات و ڕاگەیاندنە. بۆیە لە ساڵی 1990 دا هێندێک لە کتێب فرۆشەکان کە کتێبی کوردیان بوو بە دزی کتێبە کوردییەکانیان بە 40 تا 50 لە سەدی نرخ داشکان ( تەخفیف )« % 40-50 » بۆ ئەو کەسانەی پارەی حازر دەدەن ( نەغد پوڵەکەی دەدەن ) و 10 تا 20 لە سەدیش « % 10-20 » بە قەرز یان ئەمانەت دەفرۆشتن. ڕێگەچارەی تریش هەبوون بۆ بڵاو کردنەوە کە بریتین لە بڵاو کردنەوە لە ڕێگەی نووسەران و دۆست و هاواڵانیان و گرووپی هەڵپەرکێی کوردی یان پارت و حیزبە کوردییەکان. بە هۆی ئەم تەگەرانەوە، فرۆشی کتێبەکوردییەکان کە لە ساڵی 2005 دا دەردەچوون، نزیکەی 1.5 دۆلاری ئەمریکا بوو، بۆ بەراورد کردن،

مێژەی تێکڕایی نرخی هەر کتێبێک کە بە زمانی عەرەبی بڵاو دەبێتەوە 5.70 دۆلارە. وردە کتێبەکوردییەکان بە نهێنی لە لایەن پارتە کوردییەکان یان شەخسییەکان لە ئالێپوو و قامیشلی وەرێدەخرێن. ژمارەی خوێندەواری لە نێو کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان زۆر لە سەرێ نییە، ئەگەرچی تەنیا زاراوەی کورمانجی لە ڕۆژئاوای کوردستان بە کار دەهێندرێ، بەڵام زۆر نین ئەو خەڵکانەی کە دە توانن بە ئەلف و بێی کوردی لاتین بنووسن و بخوێننەوە. خوێندەوارەکان لە سوریا کتێبەکان بە زمانی کوردی نازانن و پێویستیان بە فەرهەنگۆکی عەرەبی – کوردی هەیە.

کتێبخانەکان لە تورکیا سەرەڕای هەڵوەشانەوەی یاسای قەدەغە کردن، حەز لە دانانی کتێبە کوردییەکان لەو ناوە دا ناکەن؛ جگە لە کتێبخانەی زانستگای بۆسپۆرووس ( کە هەندێک کتێبی فەرهەنگۆک و ڕێزمانی کوردی هەیە ) و هەروەها شارەوانی وارتوو کە خوازیاری هێنانی ئەو کتێبانەن بە هۆی کرانەوەی کتێبخانەیەکی نوێ لەو شوێنەدا. کتێبخانەی میللی تەنانەت لە سەردەمی قەدەغەکرانیش دا هەڵگری کتێبە کوردییەکان بووە؛ ئەو کتێبخانەیە 170 کتێبی کوردی هەیە کە لە ناوخۆ و دەرەوە بڵاو بوونەتەوە.کاتێک کە هیچ کتێبخانەیەکی کوردی لە تورکیا نییە، چەندین کتێبخانە لە لایەن ئەنستیتۆ و ڕێخراوە کوردییەکان لە ئوڕووپا و ئەمریکا پێکهاتوون. ئێنترنێت ئامێرێکی باشە بۆ بڵاو کردنەوەی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان و هەروەها بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانهەوێ سایت و وێبلاگی خۆیان درووست بکەن کە هەندێک لەو کەسانە لە سایت و وێبلاگە تایبەتییەکانیان، بەرهەمی نووسەران و بڵاڤۆکەکان و وت وویژی بەڕۆژ و وتارەکان و شێعرەکانیان و هەروەها کتێب گەلێک بە شێوازی پێ دی ئێف ((PDF )) دەخەنە سەر. هەبوونی بڵاو کردنەوەی کتێبە کوردییەکان لە تورکیا هێشتا تووشی زۆرێک لە کێشەکانە. هەر چەند حوکمی قەدەغەکران و سانسۆر کردنی زمانی کوردی تا ڕادەیەک هەڵوەشاوەتەوە، بەڵام لە گەڵ کەم بوونی ئیمکاناتی ماڵی و بڵاو کردنەوەی بێ دەرامەت و بێ کەڵک و کەم بوونی ڕادەی فرۆشی کتێب و بڵاڤۆکەکان بەرەورووویە. ئۆرگان و بنکە و ناوەندگەلێکی فەرهەنگی و بڵاو کردنەوەی ڕۆژنامەکان، گۆڤار و کتێبەکان بەزمانی کوردی دامەزراوە، ئەو بنکانە لە لایەن حیزبە سیاسییەکانەوە یارمەتی دەدرێن، بەڵام جاروبار بۆ نووسەران ؛ بە تایبەت ئەو کەسانەی کە نایانهەوێ ڕێڕەوی ڕێبازی ئەو حیزبە بن، ( ئەم یارمەتیانە ) ڕاگیر دەکرێن و نادرێن .

نووسەرە کوردەکان لە سوریا تەنیا دوای ساڵی 2000 توانیان دەستیان بە بڵاوکردنەوە ( بە شێوەی ئینتێرنێتی ) ڕابگات، کاتێک کە ئینتێرنێت لە وڵات هاتە ئاراوە. سەرەڕای ئەو ڕاستییە کە ڕێژەی سەدی بەکارهێنەرانی ئینتێرنێت لە خوارێیە ( نزیکەی 4.3 % ). نووسەرە کوردەکان، بڵاوکردنەوە بە شێوەی ئینتێرنێتیان زۆر لە لا گرینگە، لەو کاتەوە کە ئەوان دەتوانن نووسراوە کوردییەکان لە حیزبەکانی تری کوردستان و وڵاتانی تر بخوێننەوە و بەرهەمەکانیان بە کامپیوتێر بڵاو بکەنەوە. لێکۆڵینەوە و کتێب و وتارەکان لە سەر شاشەی وێبلاگ و سایتەکان دا بە زمانی کوردی هاتووە. گرینگ ترین کێشەی بڵاڤۆکەکوردییەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان ( سوریا ) ئەم گیروگرفت و تەگەرانەن کە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە درووست دەکرێن. ئەو تەگەرەو گیروگرفت و سانسۆرکردنانە لە سوریا، نووسەرەکان مەجبوور دەکا کە ڕێگەچارە و ئالتێرناتیوێک بۆ ئەو مەبەستە بدۆزنەوە، تەنانەت جارو باریش مەجبوورن شێوەی نایاسایی بۆ ئەم گرفتە بدۆزنەوە، بە واتای تر بە نهێنی بڵاوی بکەنەوە. لە سوریا بە پێی سیاسەتێک کە دژی بڵاوکردنەوە لە ئارادایە، مەنتقی و ژیربێژییە کە ڕوناکبیرانی کورد پەنا بە ئینتێرنێت بەرن تا ژمارەی پەڕتووکی بڵاڤۆکی وێب سایتەکان بە زمانی کوردی زیاد بکەن و ڕەوتی کتێبی نووسەرەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ( سوریا ) ڕوو لە زیاد بوون بکات… .

سەرچاوەکان :

http://www.efrin.net / English
Or
http://www.npage.org

لە گۆڤاری « مەهاباد » دا بڵاو کراوەتەوە